# پێگەی داواکاریی گشتیی لە دەسەڵاتی دادوەریدا



دادوەر/عەبدوڵڵا سەلام
ئەندامی داواکاری گشتی




لـــە ژمـــارە (٢٣) ی گۆڤـــاری راوێـــژ بابەتێـــک بە ناونیشانی (قەیرانی داواکاری گشتی) لە نوسینی بەڕێز ئەحمەد بەهرام ســـەرنجی راکێشام و هانیدام کە ئەم چەند دێڕە بنووســم نـــەوەک وەڵامدانەوەی بەڕێزیان، بەڵکو وەک روونکردنەوەیەک بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە شـــارەزاییان کەمە لەسەر پێگەی یاسایی و قەزائی داواکاری گشـــتی. لە رووی دەستورییەوە، هەمووومان دەزانیـــن و ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کەدەســـتوور بە دایکی یاســـاکان دادەنرێت، لەسەرووی سیستەمی یاسایی دەوڵەتەوەیە و نابێت هیچ یاسایەک پێچەوانەی دەستور بێت دەربچێت. دەستووری عێراقی هەمیشەیی کە زۆرینەی خەڵکی عێراق و هەموو خەڵکی کوردستان دەنگـــی بۆ داوە و ئێمە وەک کورد بەســـەرکەوتنێکی سیاسی گەورەمان دانا،لە زۆر کێشەی ئاڵۆزیش پشتی پێ دەبەستین وەک کێشەی کەرکوک و کرێبەستەکانی نەوت، ئیدی نازانین بۆ لە بواری دەستەڵاتی دادوەری فەرامۆشی دەکەین. لە مادەی (٨٩) ی دەستوری عێراقی هاتووە (تتكون الســلطة القضائية الاتحادية من مجلس القضـــاء الاعلى والمحكمة الاتحاديـــة العليا و محكمه التمييز الاتحادية و جهاز الادعاء العام وهيئة الاشـــراف القضائي و المحاكـــم الاتحادية الاخرى التى تنظم وفقا للقانون). واتە دەسەڵاتی دادوەری فیدراڵی لە ئەنجومەنی باڵای دادوەری باڵای فیدرالی و دەزگای داواکاری گشتی و دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەری و دادگاکانی تری فیدراڵـــی کە بە پێی یاســـا رێکدەخرێن پێک دێت. لە رووی یاساییەوەش جگە لەوەی کە ئەندامی داواکاری گشتی و دادوەر لەیەک پەیمانگای دادوەری دەردەچون و هەمان مەرجەکانـــی دامەزراندنیان هەیە کە دەبێت